# راكردن بەناو سێبەرا

بۆیە
ئەو تەڵە گیایە دەشنێتەوە
چونکە ئاسمانی لەسەر
نیشتۆتەوە!

**بو سێتێرلیند**

بانگم دەکەیت
بە دەنگێك هی ئینسان
تۆ دەزانیت
کە دەبێ هەمیشە یەکێك هەبێ
جارناجار لە دڵەوە
بەویتر بڵێ:
"چۆنیت ئەی دۆست!"
ئەگینا رۆژێك دێ

ژیان دەمانکوژێ
ئەگینا رۆژێك دێ
تەنهایی دەمانکرۆژێ!
تۆ بانگم دەکەیت
بە دەنگێك کە شەپۆل دەدا
لە رەنگ
کە قولّپ دەدا لە وشە
لە بلّێسە،
بە دەنگێك رووناك
وەکو باران
تەڕ تەڕ بە تەنهاییەك
کە لە ژوورەکانەوە هوروژم دەباو
سەراپا شووشەی پەنجەرەکان
دەکاتە فرمێسك،
کوتوپڕ تژیمان دەکا
لە خورپە
کوتوپڕ تۆفانێکمان تێدا هەڵدەکا
رۆحمان دەکاتەوە بە بەرا
هەڵماندەگرێ و دەمانبا
پیت بە پیت
دەمانهێنێتە قسە
قسەیەکی دێرین
قسەیەکی شیرین
قسەیەك کە منالّێکی شەرمن

( منالێك كە هەمیشە لە دەرسی "ماڵداریی" دا
نوقلێکی ترش و شیرینی
وا لەدەمدا )
بە کاڵیی ... بە پچڕپچڕیی
لە سوچی دەفتەرێکدا نووسیویەتی!
قسەیەك هێند دێرین
قسەیەك هێند شیرین
کە ئیدی بۆتە یادەوەریی!
بە دەنگێکی خۆش وەك هاتنی عارەبانەیەك
بۆ گەڕەك
لە باخچەکانا گوڵمان پێدەکاتە چەپك
دڕکمان لە لەپی یاسەمینێکدا پێدەردێنێ
کە دەکەوینە جۆگەلەیەکەوە
دەمانکاتە باوەش
کە لە سەربانێکەوە دەکەوینە خوارەوە
دەمانگرێتەوە
کە ورد دەبین کۆماندەکاتەوە
کە دەپچڕێین دەمانهۆنێتەوە
کە سەفەردەکەین
تا گەراج لەگەڵمان دێ
لەوێ چایەکمان لەگەڵ دەخواتەوەو
جگەرەیەکمان لەگەڵ دەکێشێ
سەرو لایەکی جانتاکانمان لەگەڵ هەڵدەگرێ
تا لەچاوان وندەبین
دەست رادەوەشێنێ

فرمێسك لەچاوانی دەزێ

تا باران دادەكا

نمە نمە

هەر لەوێدا

هەر لەوێدا رادەوەستێ!

بانگم دەكەیت

بانگێك بە دەنگێكی دی

بانگێك جیاواز لە هەموو بانگكردنەكانی دی

بانگێك جیاواز لەو دەنگەی

كە دایكێك مناڵەكەی

پێبانگدەكاتەوە لە كۆڵان

بانگێك جیاواز لەو دەنگەی

كە مامۆستایەك

قوتابییەكەی پێبانگدەكاتە

بەردەم تەختە رەش

بۆ حەلكردنی هاوكێشەیەكی قوڕ

بۆ ئیعرابكردنی پیاوێكی شەڕانگێز

بۆ پرسینی ناوی پایتەخت و رووبەرو

ژمارەی دانیشتوانی

وڵاتێكی بێ ئاسمان و بێ باران و

بێ خۆر

بانگێك جیاواز لەو دەنگەی

كە شۆفێری پاسێك بە تەوسەوە

ڕێبوارێکی خەیاڵ پڵاوی
پێئاگادار دەکاتەوە
بانگێك جیاواز لەو دەنگەی
کە هانمان دەدا:
وەك بێچووە شێر بچین بۆ شەڕ
کە هەڕەشەمان لێدەکا:
گەر گلاین وەك ئەسپ بگلێین
کە ئاگادارمان دەکاتەوە:
مەنعیتەجەولە
نەچینە دەرەوە
کە وریامان دەکاتەوە:
گۆشتمان بۆ مردنەو
ئێسقانمان بۆ دوژمن!
بانگێك جیاواز لەو دەنگە سارده عەبوسەی
کە هەمیشە لەتەلەفۆندا
بە درۆوە دەڵێ:
"هەلەو .. جارێ لێرە نیم
ناوو ژمارەی تەلەفۆن و قسەکانتم
بۆ دانێ
کە هاتمەوە خۆم پەیوەندیت پێوە دەگرم!"
بانگێك جیاواز لەو دەنگەی
کە هەمیشە لەکاتی کڕینی
گێلاسدا
لەکاتی سەوداکردنی قەفەسێکی
پڕ لە بولبوولدا،

له كاتی چڕینی سروودەكانا

له كاتی گوێڕادێران بۆ پیاوێكی

هەر له ئەزەڵەوە چوارشانە

لەتەلەفیزۆندا،

تەریقماندەكاتەوە، دڵمان دەیەشێنێ و

تەفرەماندەدا!

بانگم دەكەیت

بەدەنگێكی دی بانگم دەكەیت

بانگێك جیاواز لە هەموو

بانگكردنەكانی دی

بانگێك هەر لە دوورەوە

بە ئەسپایی گوێچكەم پڕ دەكا

له نەرمە غار

له رژانی ئاو

لە فڕینی پەپوولە

لە نیشتنەوەی ریشۆڵە

لەبارینی بەفر

له هاڵاوی گۆپكەی هەڵتۆقیوی نانێكی گەرم

بانگێك كه هەر لەدوورەوە دەزانم

ئیدی ئەوە پەنجەرەیەكەو

دەكرێتەوە

ئیدی ئەو قوفڵی زیندانێكەو دەشكێ

ئیدی ئەوە مناڵییەو

شنەشن لەمەکتەب ئیزن دەبێ
بانگێك رەنگاورەنگ
کوتومت
وەك وێنەکێشانی تەنهایی
وەك ژەنینی حوزن
وەك هێنانی کەروێشکێکی پەمەیی
بۆ ناو رستەیەکی پڕ لەگێزەر
بانگێك جیاواز لەهەموو بانگکردنەکانی دی
بانگێك کە نێزیك دەبمەوە
رۆحم پڕدەبێ لە وژەی با
لە گرمەی هەور
لە نێڵەی ئاگر
پڕ دەبێ لە تەقوهۆڕی پاژنەی پێڵاوی
جەنگاوەرانێکی نائومێد
کە بۆنی باروت لە هەناسەیانەوە دێ و
لە رۆحیشیانەوە بۆنی خەرەند!
پڕ لە گڤەی تەنهایی
جەنگاوەرانێکی نائومێد
کە هەر ئێستا
لەوسەری ئومێدەوە هاتوونەوەو
هەنووکەش
لەراڕەوە مەڕمەڕییەکانی قەڵادا
بێدەنگ سەر بادەدەن و
بێباك ... نائومێد ... ئازاد
لە سەربانی بەرزی قەڵادا

دێن و دەچن!

بانگم دەکەیت
بە دەنگێك هی ئینسان
تۆ دڵنیایت
ڕۆژێك دێ
ژیان دەمانکوژێ
ڕۆژێك دێ
تەنهایی دەمانخوا
گەر هەمیشە
یەکێك نەبێ
جاروبار لە دڵەوە بە ئەسپایی
بەویتر بڵێ:
"توو خودا ... چۆنیت
هاوڕێ!"

پاییزی 2003

*